تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئەوزاد عەلی ئەحمەد

گۆڤاری گزنگ

لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا

www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

گۆڤاری گزنگ

لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا

موسسه چاپ و انتشارات رهرو
ناوەندی بلاوکردنەوەی
فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی
مهاباد تلفن ۲۵۵۲۵ - ۰۴۴۲۱
مدیر مسئول لقمان رهرو

نەوزاد عەلی ئەحمەد

سلێمانی - ۱۹۹۹

□ گۆڤاری گزنگ (لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا)

□ نەوزاد عەلی ئەحمەد

□ چاپی یەکەم

□ سلێمانی ١٩٩٩

□ تیراژ: (٣٠٠) دانە

□ ژمارەی سپاردنی ٤٢٣ ساڵی ١٩٩٩ی پێدراوە

□ کۆمپیوتەرو چاپی دەزگای سەردەم

لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم زنجیرە (٤٨)

پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە هەڵگری سەرناوی "گۆڤاری گزنگ، ١٩٧٢-١٩٩١. لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا" باسێکە تائێستا تەنیا لەدوو وتاری کورت بترازێ هیچی لەسەر نەنووسراوە ئەو دوو وتارەش یەکێکیان هەر خۆم نووسیومە و وەکو هەر بڵاوکراوەیەکی شۆڕشی نوێ لەگۆشەی "ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێمان" لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ هەڵوەستەمەی بۆ کردو بەچەند دێرێکی کورت کاتی لێی دواوم و دوایش لەهەمان رۆژنامەدا برای نووسەر ئەحمەد عارف لەوتارێکدا ئیزافەیەکی تری خستە سەر وتارەکەم، بەڵام دیاربوو وەکو گەیشتنە قەناعەتێك هەستم کرد کە مێژووی ئەم گۆڤارەو دەرکردنەوەی ژمارەکانی کارێکە ئەوە هەڵدەگرێ زیاترو باشتری لەسەر بنووسرێت، بۆیە دەستم بەو کارەکردو ئەم لێکۆڵینەوەیەی لێکەوتەوە جا لە پێناوی زانستیەتی باسەکە دابەشی سێ بەشم کردووە لەبەشی یەکەمدا لە "کەرکوك، مێژوویی سیاسی، رۆشنبیری، رۆژنامەگەری" دواوم، لەبەشی دووەمدا لە "گۆڤاری

گزنگ، هەرسێ قۆناغەکەی" بۆتە تەواوکەری بەشی یەکەم و ئەڵقەی بەیەك گەیشتنی بەشی سێیەمیش، لەبەشی سێیەمدا لە پێناوی روونتر خوێندنەوەی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەو تابزانرێت چی بلاوکردۆتەوە "بیبلیۆگرافیای گۆڤارەکە"م خستۆتە ڕوو و بەشێوەیەکی زانستیانەو سەردەمانە بیبلیۆگرافیام بۆ بابەت و ناوەکان کردووە، ئەو بەشەش بۆیەرێك خراوە چونکە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکە فەوتاون، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەکو لەکێرڤی مێژوویی ناوەڕۆکی باسەکەدا دەردەکەوێت دەرچوون و بەردەوامی گۆڤارەکە لەگەڵ مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەگۆڕاندا بووە.

رەنگە خوێنەری بەڕێز پرسیارێك رووبەڕووم بکاتەوە بۆئەم بابەت هەڵبژاردووە؟ پێش هەموو شتێك هەڵبژاردنی ئەم بابەتە پەیوەندی بەو بەرنامەو پرۆژەیە هەیە کەهەر لەرۆژانی راپەریندا خەریکی بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوەم سەبارەت بە ئەدەبیاتی شۆڕش بەگشتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان* بەتایبەتی، ئەمەو بێجگە لەنەبوونی پسپۆڕو بۆ شاییەکی گەورە لەم بوارەدا ئەمانەو بوونی ئارەزووی شەخسیش وایان لێکردم کە سێ مانگ خۆم بەم باسە خەریك بکەم و تا ئەو لێکۆڵینەوەیەی لێکەوتەوە.

لێکۆڵینەوەکە بۆ میتۆدی نووسین و پێداچوونەوەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی لەرووی دەرەوەی گۆڤارەکە دواوە کە

لەنووسیندا دەچێتە خانەی فۆرمەوە بەهیوام توانیبێتم کارێکم بەئەنجام گەیاندبێ، کە بۆ گۆڤارەکە بەگشتیو بۆ مێژووی ئەدەبیاتی کوردی خزمەتێکی بەرچاوی کردبێت.

* *لەو بوارەدا چەند کارم بەئەنجام گەیاندووە:*

ا- چاپکردنی کتێبی، بەرەوسەرتا، حەوت لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە باری رۆژنامەگەری لەشاخدا، سلێمانی-١٩٩٨.

ب- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، بەهاوکاری کاك یاسین قادر بەرزنجی سلێمانی- ١٩٩٨.

ج- گۆشەی "ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێمان" (١٢١) ئەڵقەم لەکوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە.

بەشی یەکەم


مەڵە بەرهەمێکی هەمەرەنگی نووسەرانی کەرکوکە

کەرکوك

باری مێژوویی_ سیاسیی،

ڕۆشنبیریی،

ڕۆژنامەنووسیی

١-١ باری مێژوویی- سیاسیی

یەکێك لەو پرسیارانەی کە دەمێکە فرچکی پێوە کراوە و لە گەلێك بۆنەو کاتدا دووبارەی دەکەینەوە و دووبارە دەکرێتەوە، کەرکوك و کێشەی کەرکوکە، تا ئێستا بەهۆی ناوچەی ستراتیژیەتی کەرکوکەوە،زۆرغەدر لەو شارە کراوەو جوگرافیاکەی شێوێندراوە بەتایبەتی بۆ کوردێنی ئەو شارە!بەڵام هۆکاری هەرەسەرەکی بۆ ئەو شەڕانەی لەسەری کراون بەرجەستە بوونیەتی بەسەرتاپای ستراتیژیەتی کوردستان چونکە(کوردستان کۆڵەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو بێجگە لەگرنگیە ستراتیژیەکەی،خاوەنی سامانێکی کانزایی و نەوتێکی زۆریشی تیایە)[1] ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە هەردەم

---

[1] الطالباني، جلال، كردستان والحركة القومية الكردية، منشورات النور، الطبعة الاولى- بغداد، ١٩٧٠ ص١٤.

له کۆڵۆنیەتی کوردستان دەکرێت،بە تایبەتی بوونی نەوتێکی زۆر لەناوچەکەدا،بۆوەڵامی پرسیاری کوردێتیی کەرکوك یەکێك لەو بۆچوونانە دەنووسمەوە،کەلە قاموسی ئیعلامی عوسمانیدا هاتووە ودەڵێت :(سنووری سروشتی دوو نەتەوەی جیاواز لەیەك جیا دەکەنەوە).[٢] شایەنی باسە ئەم قاموسە ساڵی (١٨٩٠) لەئەستەنبول چاپکراوە و قاموسێکە جێگای بڕوایە و وەکو سەرچاوەیەکی موعتەبەرحیسابی بۆدەکرێت.

بۆ مێژووی کەرکوك، وەکو شارێکی مێژوویی، زۆربەی سەرچاوەکان ئاوە دانکردنەوەی شارەکە بۆ مێژوویەکی دووری پێش زاین دەگەڕێننەوە ولە هەندێك سەرچاوەدا هاتووە کە لەشاری هەولێریش کۆنترە[٣]، بەڵام ئەوەی لە پێش هەموو شتەکان کەرکوك بە قەڵاو نەوتەکەی ناسراوە، دیارە لەبەرئەوەی وەك مەسەلەیەکی سیاسی سەیری نەوتەکە کراوە کێشەی نێوان کورد و دەسەڵاتدارێتی ناوەندی گەورەکردوەو پێش ئەوەی باس لەو ململانێیە بکەین پێویستە بزانین، کە (ساڵی ٥٧٠ پ.ز نەوت لەکەرکوك دۆزراوەتەوە و لەشێوەی ئەفسانە باسی لێوەکراوە و، پاش ماوەیەکی دوورو درێژ ئینجا شارەزایانی

---

[٢] ستران عبدالله، رازەکانی تەعریب و راگواستن، سلێمانی ١٩٩٩، ل١٤٧.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم دوو سەرچاوەە بکە:

ا- زەکی، محمد امین، کوردو کوردستان، چاپخانەی دار السلام بەغدا، ١٩٣١.

ب- الجاف، وریا، کرکوك، دراسة سیاسیة واجتماعیة، اربیل، ١٩٩٨.

ج- ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس) ئەمین قادر مینە، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩.

نـەوت لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمـانیی پـەیمانێکیان مۆرکـردوە، ئـەم پەیمانـەش بـۆ حکومـەتی عـێراق گەڕاوەتـەوە)[٤] پرسـیارێکی تـر، کـە بۆتەگرێی نێوان دەسەڵات وکورد بەتایبەتی لەکاتی گفتوگۆدا ئەویش وەکـو وتمـان کوردێنـی کەرکوکـە، بۆئـەم مەسـە لەیـە جـارێکیتر دەگەڕێینـەوە سـەر سـەرچاوەیەك کەئـەویش قاموسـی ئیعلامـە ئـەو سـەرچاوەیە دەنووسـێت (شەمسـەدین سـامی زانـای بـە ناوبـانگ و مێژوونوسی تورکیش لە کتێبی "قاموس ئەعلام" کەلە سالّی-١٨٩٠- لە ئەسـتەمبوڵ چـاپکراوە، لـەبارەی کـەرکوك دەڵێـت (شـاری کـەرکوك مەرکەزی ئەو لیوایەیە کەپێی ئەڵێن شارەزوور و ئەکەوێتە ویلایـەتی موسڵ لەکوردستان دا سیٚچارەکی دانیشتوانی کوردن و چارەکەکەی تریـان تـورك وعـەرەب و شتیترن)[٥] وەکو لەپێشـەوە ئیشـارەتی پێـدرا کەبونی نەوت، پلەی یەکەم و شوێنی ستراتیژی کەرکوك بەپلەی دووەم گرێـی گفتوگـۆی مێژەکـانی مناقەشـەی گـەرمکردووە و ئەمـەو لـە خـەباتی چەکدارانـەی گەلەکـەماندا، کەسـاڵانێکە کـورد لـە پێنـاوی ڕزگاری نیشتمانیدا دەستی داوەتیٚ، لە پێش هـەموو دۆزەکان کـەرکوك دێت، بۆیـە زۆر ئاساییە نووسـەرێکی عـەرەبی وەکو هـلال نـاجی بڵێـت (نـەوتی کـەرکوك لـە کوردسـتان دا بـوو بـەهۆی ئـەوەی کـە هـەندێ لـە قەومیـیـە عەرەبـەکان دان بـە مـافی نەتەوایـەتی کـورددا نـەنێن، بـەڵام پێویستە ئەم جۆرە بۆ چوونە تەرە بکرێت. چونکە گەلی عەرەب خاوەنی

---

[٤] هاواری کەرکوك (گۆڤار)، ژمارە (٢)، کانوونی یەکەم ١٩٩٨ ل٣٧.

[٥] کەرکوك و سیاسەتی تەعریب، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕاگەیاندن، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئازاری ١٩٨٥ ل١٥.

سامانێکی زۆری نەوتە)[٦] ئەمەو مێژووی کەرکوك بۆ کورد بریتییە لە ڕۆژگارە سەختەکان و هەموو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان حیسابێکی تریان بۆ کەرکوك کردووە، کە لەپێش هەموو حیساباتەکان چۆڵکردنی ئەوشارەیە لەکورد، بەتایبەتی ڕژێمی ئێستا، کەهەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەبەرنامەیەکی ڕەگەزپەرستانە کەوتە مامەڵەکردن لەگەڵبوونی نەتەوەی کورد لەم شارەدا، بۆیە بۆئەم تێزە باشترە جارێکی تر نامیلکەی(اهداف وغايات)بخوێندرێتەوەکە بەعسیەکان لەساڵی ١٩٤٥دا نوسیویانەو بریتیە لە ڕاسپاردەو بەرنامەکانیانە کەهەڵێنجاوی کۆنگرەی یەکەمینیان سەبارەت بە کەمینەکان و کێشەکانیان کەتیایە بە بەرنامەیەکی ترسناك سەرەتایان گرتووە جائەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری مێژووی حزبی بەعس لە عێراقدا بکەین کەچی بەرامبەر بەو شارەکردووە؟ ئەوە هەمووی بریتی‌یە لە پیلان و لەناوبردن و ئەنفال و چۆڵکردنی ئەو شارە لەکورد بۆنموونە لەساڵی ١٩٦٣ کە تەنیا بۆماوەی شەش مانگ لەعێراق دەسەڵاتی وەرگرت(بەبیانوی پاراستنی ئەمنی شاری کەرکوك و ناوچە نەوتاوییەکان، کەوتنە ڕوخاندنی هەزاران خانووی کوردی گەڕەکەکانی شۆڕیجە و ئازادی لە کەرکوك دا، هەروەها(٢١گوندیان لەنێوان ناوچەی دبس و کەرکوك ڕاگواست و زیاتر لە(١٥٠٠خێزانی جوتیاری گوندەکانی مامەو، عەلی غیر، شیرناو، قەرەدەرە،عەمشە، قوتان، قەرەهەیبەت،جوان، قوشقایەوکتکە وشانەشێن و مەلای عەبدوڵلاو چەندین دێهاتی تریان دەربەدەر کرد و عەشایەری عەرەبیان لەشوێن دا

---

[٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

نیشتەجێکردن)[٧] ئەم سیاسەتە دوای هاتنەوەی جارێکی تری بەعسیەکان و چوونەسەر تەختی دەسەڵاتداریتی لەساڵی ١٩٦٨ڕەگەز پەرستانە تروشۆفێنیانەتر کەوتنە بە عەرەبکردنی کەرکوك چونکە دەیانزانی خاڵی حەسمی نێوان خۆیان وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردە، بۆ نمونە لە هەموو گفتوگۆکانی نێوان کورد و دەسەلاتی مەرکەزیدا لە (١٩٦٢،١٩٦٣، ١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٧٠، ١٩٧٩، ١٩٨٤، ١٩٩١،)[٨] خاڵی چەقینی گفتوگۆکان شاری کەرکوك بووە، بۆ نموونە بەعسیەکان ئەوەندە لە کەرکوك ترساون لە گفتوگۆی (١٩٧٠-١٩٧٤)یشدا هەرخەریکی تەعریبکردنی کەرکوك بوونە، بۆ نموونە لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ شدا، لەبری ئەوەی بەندی ١٤ی بەیاننامەکە لەسەر سەرژمێری گشتی جێبەجێ بکەن کەوتنە نەقڵ کردنی هەموو فەرمانبەرە کوردو تورکەکانی دائیرەی سجلی مەدەنی کەرکوك و فەرمانبەری بەعسی عەرەبیان هێنایە شوێنیان)[٩] هەر ئەو چەوسانەوەیە بوو، کە لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١ دا کورد و بزوتنەوە سیاسیە چەکدارەکەی هەوڵیداو بەرنامەی داڕشت کە هەرچۆنێك بێت پێویستە کەرکوکیش بچێتە سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان ئیتر ئەوە بوو لە بیست و یەکی ئازاردا کەرکوکیش ئازاد کراو هاتەوە باوەشی کوردستان و کوردێنی خۆی سەلماندەوە...

---

[٧] هەمان سەرچاوە، ل١٨.

[٨] باسکار (گۆڤار)، ژمارە (١) لەندەن، هاوینی ١٩٩٨، ل١٢.

[٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

ئەم چەند دێڕەی پێشەوە کورتەیەکی زۆر چڕ بوو سەبارەت بە کەرکوك و مێژووەکەی و خاڵە ستراتیژییەکانی‌و ئەو ناکۆکیانەی تائێستا لەسەری گەرمە.

١-٢ باری ڕۆشنبیریی

سەرەرای ئەم سیاسەتە نادروست و توندانەی دەرهەق بەو شارە کراوە و دەکرێت، بەڵام هەر هەوڵە ڕۆشنبیری و کلتورییەکان هەوڵیان داوە کپ نەبن و بە هەر شێوەیەك بێت سەروەری بۆ شارەکەو کورد تۆمار بکەن، ئەم شارەش وەکو هەموو شارەکانی تری کوردستان، سەرەتای خوێندن و ڕۆشنبیری و نووسین و نووسین کاری لە مزگەوت و حوجرە سەری هەڵداو پانتاییەکی تری بەخشیە شارەکە، ئەو سەرەتایە یەگشتی لەهەموو شوێنەکاندا، باش بۆ ئەدەبیات‌و کلتوری کوردی کەوتەوە بۆ کەرکوك بەهەمان جۆر دەروازەیەکە زۆر لە نووسەر و شاعیری پێگەیاندن، کە لەهەموویان دیار تر شێخ ڕەزای تاڵەبانی‌یە، ئەمەو بێجگە لە تەکیەو خانەقاکانی کەرکوك کە زۆر بەناوبانگن لە کوردستان وەك تەکیەکانی، تاڵەبانی، حاجی حەیدەر، شێخ عەبدوڵلاڵە شۆرجەو ئەمەو بێجگە لە خانەقاکانی، شێخ ئەحمەدی خانەقاو خادم سوجادە، هەروەها بوونی چەندان خوێندنگەی ئاینیش لەو شارەدا ڕوویەکی تری دابووە باری ڕۆشنبیری، کەئەویش وەکو شارەکانی تری کوردستان بە مەرکەزێکی دیار حیسابی بۆ کراوە، بۆ خوێندن و خوێندەواری‌و پلەی فەقێیەتی و مەلایەتی خەڵك ڕووی تێکردووە ، هەروەها هەر لە کۆنەوە لەم شارەدا گرنگی بەچاپ و چاپخانەو

چاپگەری دراوە هەندێك لەو چاپخانانە تائێستا شتێکیان لە دوا بەجێماوە یاخود شوێنەوارەکەیان کوێر نەبۆتەوە، یاخود تائێستا کاردەکەن و بەرهەم دەدەن و چالاکی دەنوێنن، بەڵام دیارە لە بەرنامەی عوسمانیەکاندا ئەو ویلایەتەش بێبەش نەبووە لەکارو چالاکیە رۆشنبیریو پەروەردەییەکاندا، کە ڕاستە بۆ بەرێوەچوونی سیاسەتی خۆیان ئەو کارانەیان کردووە، بەڵام لەئەنجامدا نەتەوە ژێر دەستەکانیش توانیویانە سوود لەو کارانە وەربگرن، بۆ نموونە(عوسمانیەکان هەرزوو چاپخانەیەکیان لە شاری کەرکوك بەناوی((صنائع مکتبی مطبعه سی))دامەزراندبوو..)[١٠]

یەکێك لەو خاسیەتانە کە چاپخانە هەیەتی بەرجەستەبووی چالاکی خوێندەواری و ڕۆشنبیریە، جا بڵاوبوونەوەی چاپخانەش زیاتر ئەو ڕەوتە بەرەو پێشەوە دەبات، کەرکوکیش لەو بوارەدا ڕووێکی دیاری بۆ خۆی تۆمار کردووە لەو چاپخانەوکە لەکەرکوك دا دامەزراون بریتین لە:[١١]

١- چاپخانەی الولاية: ساڵی ١٢٩٦ ڕۆمی لەسەردەمی فەیزی پاشادا دامەزراوە.

---

[١٠] جاف، وریا، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، هەولێر، ١٩٩٩ ل٧.

[١١] بۆ ئەم زانیارانە زیاتر سوود لەم سەرچاوانە بینراوە

ا- الجاف، وریا، کەرکوك ل٤١.

ب- الجباري، جبار محمد، تاريخ الصحافة الكردية في العراق ص٩٠.

ج- هاواری کەرکوك (گۆڤار) ژمارە (٢) ل٤٢.

٢- چاپخانەی الصنائع: لەسەردەمی سوڵتان عبدالحمید لەناو قوتابخانەی (الصنائع السلطانیە) دامەزراوە.

٣- چاپخانەی البلدیة: چاپخانەیەکی کۆنە لەساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز ئامێری تری بۆ زیاد کراوەو یەکێك لە ئامێرەکان ڕۆژنامەی(کەرکوك)ی پێ چاپکراوە.

٤- چاپخانەی الحوادث: ساڵی ١٩١١ دامەزراوە. ڕۆژنامەی(النجمە)ی پێ چاپکراوە.

٥- چاپخانەی نینوی: ساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە، چاپکراوی کلدانی چاپ کردووە

٦- چاپخانەی التشویج: ئەم چاپخانەیە ١٩٥٣ دامەزراوە و دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ ناوەکەی کراوە بە کەرکوك.

٧- چاپخانەی الترقی: ساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە، دوایی ناوەکەی کراوە بە(بشیر) کۆمەڵێ کتێب و حیکایەتی کوردی پێ‌چاپکراوە، ئەمەو بێجگە لە چاپکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار.

٨- چاپخانەی هیلال ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوە، چەندان چاپکراوی بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئینگلیزی چاپکردووە.

٩- چاپخانەی الشمال: بەگوێرەی ئەوسا، چاپخانەیەکی نوێ بوو ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە و چەندان چاپکراوی بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئینگلیزی چاپکردووە.

١٠- چاپخانەی الجمهوریة: ساڵی ١٩٦٨ دامەزراوە و چەندان کتێب و گۆڤاری چاپ کردووە، کە هەندێکیان بە زمانی کوردی بوون.

١١- چاپخانەی الحکمة: لەبەر ئەوەی ئامێرەکان زۆر کۆن بوون، تەنیا ئیعلانات و چەند کارێکی سادەو بچووکی پێکراوە.

١٢- چاپخانەی التجارة: ساڵی ١٩٧١ دامەزراوەو ئامێرەکانی ئەڵمانین، چەندان کتێب و بڵاوکراوەی بە کوردی پێ چاپکراوە.

بەڵام سەردەمی هەرە زێڕین و دیاری ڕۆشنبیری کوردی لە کەرکوکدا دوای بەیانی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ دەست پێدەکات کە جوڵانەوەیەکی دیاری بەخۆوە بینی، لە سەرووی هەموویانەوە بە چاو قایمی ئەدیبان لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد لەو شارەدا کرایەوە، ئەمەو بێجگە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی و ڕێکخراوە جەماوەرییە حزبیەکانیش ڕۆڵی دیاریان بینی لە ڕەگ داکوتانی ڕۆشنبیری لەو شارەدا، هەروەها چەندان تیپی هونەری مۆسیقاو شانۆگەریشی تیایە دامەزرا، یەکێك لەو چالاکیە دیارانەی کە لە کەرکوك دەکران و تائێستاش وەکو سەروەرییەك باسی دەکرێت ئەویش میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردییە لەژێر دروشمی((سیعرو نەورۆزو ئازار) کەلە (١٩٧٢/٣/٢٢)چالاکیەکانی بەرێوە چوو.

هەر لەم ماوەیەدا دەیان کۆڕی ئەدەبی و هونەری پێشکەشکران و چەند تەمسیلی و شانۆ گەرییەکیش پێشکەشکران، کە تائێستاکە باس دەکرێن وەك تەمسیلیەکانی ((بەهاری دزراو، مەرەزە)) ئەمەو بێجگە لە کردنەوەی چەندان پێشانگای شێوەکاری

ئەو خاڵ و خاسیەت و خاڵبەندییانەی پێشەوە، دەبنە کۆمەڵێ وەڵام بۆ پرسیارەکانی دوایی، کە لەمەڕ باری ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کەرکوك دێنە کردن، یاخود دەستە واژەی ئاسایین بۆ پڕکردنەوەی ئەو واتایەن، کە ئایا کەرکوك لەو فەزای ڕۆشنبیریدا چی کردووە و کامە گۆشەی گرتووە.

١-٣ باری ڕۆژنامە نووسیی

لە خاڵەکەی پێشەوەدا،لەبوونی چاپخانە لە شاری کەرکوك، دواین و لە هەندێك حاڵەتیش دواین. کە ئەو چاپخانانە ماوەماوە ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەیان پێ چاپ کراوە، بەڵێ بۆ ئەوەی سەرەتایەکی باشتر بۆ بابەتەکەمان داڕێژین. پێویستە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی لەو شارەدا بدوێین، کە ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە مێژووی سەروەریەکن بۆ شارەکە:

١-ڕۆژنامەی کەرکوك: ڕۆژنامەیەکی هەواڵ بووە، هەفتانە دەرچووە، شارەوانی کەرکوك لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦ بەسێ زمان؛ عەرەبی، کوردی، تورکی دەریکردووە، لەسەرەتادا تەنیا بەزمانی تورکی دەرچووە، لە ساڵی پێنجەمەوە(١٩٣٠)دا زمانی کوردیشی بۆ زیاد کراوە، بەڵام لە ساڵی شەشەمدا بەبێ ئەوەی هۆیەکەی بزانرێت کوردیەکەی ئیلغا کراوەتەوە.[١٢]

---

[١٢] تاريخ الصحافة الكردية، ص٣٧.

٢-گۆڤاری شەفەق: گۆڤارێکی ئەدەبی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، نیو مانگی بووە، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٥٨ دەرچووە، خاوەنەکەی پلەدارێکی خانەنشین بووە بە ناوی عەبدولقادر بەرزنجی و ژمێریارەکەی عەلی کەمال باپیر ئاغا بووە، دوای دەرچوونی ژمارە دووی ساڵی چوارەمی لە ١٥ی ئابی ١٩٦١ دا گۆڤارەکە بۆ سلێمانی گواستراوەتەوەو ناوەکەشی بۆتە (بەیان) و ئۆرگانی ئاشتیخوازانی سلێمانی بووە[١٣] لە بواری نووسیندا کۆمەڵێ ئەدیبی دیار نووسینیان تیایە بڵاوکردۆتەوە وەك: حەمید عوسمان، عوسمان مستەفا خۆشناو، گۆران، ئیبراهیم ئەحمەد، مارف بەرزنجی، محەمەدی مەلا کەریم و عەبدولسەمەد خانەقا، ئەمەو گۆڤارەکە ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بوو_گۆران_ی شاعیر سەرپەرشتی کردووە، شایانی باسە جارێکی تر گواسترایەوە بۆ کەرکوك و ناوەکەشی بۆوە شەفەق، سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ بەیەکجاری داخرا.[١٤]

٣- ڕۆژنامەی ئازادی: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بووە، ئۆرگانی حزبی شیوعی عێراق_ لقی کوردستان بووە، یەکەم ژمارەی لە یەکی مایسی ١٩٥٩ دەرچووە، لە هەمان ساڵدا و لە مانگی ئابدا بۆ بەغدا گوازراوەتەوە، (١٥٦) ژمارەی لێ دەرچووەو لە ١٩٦١/٨/٦ دوای ئیلغا کردنەوەی ئیمتیازەکەی وەستا.[١٥]

---

[١٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

[١٤] ئەحمەد، کەمال مەزهەر (دکتۆر)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ل٢٤٢.

[١٥] تاریخ الصحافة الكردیة، ل٥٦.

جەمال خەزنەدار سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە دەڵێت:(ئەوەی ئێمە ئاگاداریمان لێی هەیە ئەوەیە ئەحمەد غەفوور و محەمەد کەریم فەتحوڵڵاو محەمەد مەلا کەریم و عەزیز محەمەدو حسێن عارف وعیزەدین مستەفا ڕەسول بەشداری‌یان لە دەرکردنی کردووە)[١٦].

٤- ڕۆژنامەی ڕای گەل: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بووە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە و ئۆرگانی نیشتمانپەروەرە دیموکراسیخوازە پێشکەوتنخوازەکان بووە، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی سدیق بلوکینی بووە، یەکەم ژمارەی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٥٩ دەرچووە، لەنێوان دوو ساڵدا (٧٢) ژمارەی لێ دەرچووە، دوا ژمارەی لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٦١ بڵاوبۆتەوە[١٧].

٥- گۆڤاری پێشرەو: گۆڤارێکی خوێندکاران بووە، لەلایەن یەکێتی گشتی خوێندکارانی عێراق_ لقی کەرکوك دەرچووە، تەنیا سێ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوەو یەکەم ژمارەشی لە ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەرچووە[١٨].

٦- گۆڤاری باباگوڕگوڕ: لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە[١٩].

٧- گۆڤاری باوە گوڕگوڕ: یەکێتی خوێندکارانی کوردستان_ لقی کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٢ دەریکردووە و زیاتر گرنگی داوە بە خەباتی

---

[١٦] خەزنەدار، جەمال، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ل٦٨.

[١٧] تاریخ الصحافة الكردية، ل٥٨.

[١٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

[١٩] تێگەیشتنی ڕاستی، ل٢٥٩.

خوێندکاران و بە نهێنی چاپکراوە و بڵاوبۆتـەوە. ئـەوەی مـن تـەنیا (سـێ) ژمارەم بینیوە[20].

٨- گۆڤاری گزنـگ: بریتی‌یـە لـە کۆمـەڵێ بابـەتی هەمـەجۆر، لەلایـەن دەسـتەیەك لـە ئـەدیبانی کـەرکوك و لـەژێر چـاودێری ڕەزاشـوان چـاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە شاردا تـەنیا یـەك ژمارەی لێ بڵاو بۆتـەوە، ئـەوەی ئێمـەش لێی دەدوێین ئەم گۆڤارەیە..! شایانی باسە یەکەم ژمارەی لە سـاڵی ١٩٧٢ لـە چاپخانەی(الشمال) چاپکراوە.

٩- گۆڤاری نێرگز: دەستەیەك لە قەڵەمە دیارەکانی ئەوسای کەرکوك لە کانونی یەکەمی ١٩٨٤ چەپکی یەکەم دەرچووە و نەوێراون بە ئاشکرا نـاوی بنێن گۆڤار، دووژمارەیـەی لێ دەرچـووە بـەڵکو هـەردوو ژمـارەی نـاولێنراوە چەپکی یەکەم و چەپکی دووەم، چەپکی دووەمیش ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە.

---

[20] ئەرشیفی تایبەتی خۆم.

بەشی دووەم

ژمارە ٦



...ی نووسەرانی کوردستان - لقی کەرکوک

گۆڤاری گزنگ لە نێوان سێ قۆناغدا

وەکو لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ئاماژەم پێدا کە لەشاری کەرکوکدا گۆڤارێك هەبووە بە ناوی(گزنگ)[1] و لە ساڵی(١٩٧٢) چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەو ماوەیەدا تەنیا توانرا ئەو ژمارەیە دەربچێت و لە کارکەوت، ئیتر دوای(١٠) ساڵ ئینجا دەست بەکارو چالاکی‌یەکانی کرایەوە ئەویش لەنێو ڕەحمی شۆڕشی نوێ‌ی‌گەلەکەماندا چاوی هەڵهێنا، بۆیە واباشترە گۆڤارەکە بەسەر سێ قۆناغی مێژوویدا دابەش بکەین

---

[1] بێجگە لەم "گزنگ"ە، دوو گۆڤاری تریش هەڵگری ناوی "گزنگ"ن.
ا- گۆڤاری گزنگ: لەلایەن لیژنەی قوتابیانی دواناوەندی ئێوارانی سلێمانی دەرچووە و گۆڤارێکی وێژەیی‌و خوێندەواری و کۆمەڵایەتی قوتابیان بووە، ژمارەی یەکەمی لەساڵی ١٩٥٩ بڵاوبۆتەوە.
ب- گۆڤاری گزنگ: لەلایەن لیژنەیەك لەمامۆستایانی قوتابخانەی (مەنار)ی کوڕانەوە لەسلێمانی دەرچووە، زیاتر گرنگی بەکاروباری خوێندکاران‌و ئەدەب داوە، بەزمانی کوردی‌و عەرەبی بابەتی بڵاوکردۆتەوە، یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٥دا بڵاوبۆتەوە.
ج- گزنگ: گۆڤاری ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری ئیسلامی بووە، یەکەم ژمارەی لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە، شوێنی دەرچوونی دیارنیە.
د- گزینگ: ئەم ناوەش نزیکە لەگزنگ، گۆڤارێکە لەئەوروپا چاپ و بڵاودەکرێتەوە ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٧ی بینراوە.

۲-۱ قۆناغی یەکەم -

قۆناغی ئاشکرای گۆڤارەکە

ئێمە بڵێین و نەڵێین دوای جاڕی بەیانی(۱۱)ی ئازاری(۱۹۷۰) کورد بە گشتی کەوتە قۆناغێکی ترەوە لە چوار ساڵی گفتوگۆکانی نێوان شۆڕش و حکومەتی مەرکەزیدا توانرا ئەو ماوەیە چەندان کارو چالاکی ئەنجام بدرێت کە زۆربەیان لە ئەنجامدا بەباش بۆ مێژووی کورد گەڕاونەتەوە. لەو چوار ساڵەدا، کە کورد سوکە دەسەلاتێکی لە کوردستاندا هەبوو، توانرا یەك ژمارە لەگۆڤاری ((گزنگ)) دەربکرێت، راستە لە وتەی ئەم ژمارەیەدا نووسەرانی کەرکوك کۆمەڵێ پەیمانیان داوە، کە ئومێدیان وابووە ژمارەی تریشی لێدەربکەن، بەلام بەداخەوە، دیارە ئەم چالاکیەش وەکو چالاکیە کوردییەکانی تر لەم شارەدا نە توانراوە پەیامی خۆی بباتە سەر، دیارە هۆیەکەشی چی بووە. لەو وتەیەدا هاتووە و شەرحێکی حاڵی ئەم گۆڤارەمان بۆ دەکات((ئەم کۆمەڵە بەرهەمە کە لەباوەشی گزنگ دایە کۆکراوەتەوەو خراوەتە پێش چاوی خوێنەرانی کورد لە هەموو سوچێکی کوردستانا باکورەی کاری وێژەیی نووسەرانی کوردە لە کەرکوك، بە زۆریش بەشدارەکانی ئەندامن لە یەکێتی نووسەرانی کورد لەگەڵ ئەمەش هەموو ئەم بیرو باوەڕو تێبینیانەی کەلەنووسین و هۆنراوەو چیرۆکەکاندا دەرئەکەوێ

خاوەنەکانیان لێی بەرپرسیارن.. [2] زۆربەی بابەتەکانی[3] ئەم ژمارەیە بریتین لە دەقی شیعری و چیرۆك لە زۆر سەرچاوەدا واهاتووە، کە ئەم گۆڤارە لەلایەن لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد- ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم ژمارەیەدا بە ڕاشکاوانە ئەمە نەنووسراوە، ڕاستە ئەم گۆڤارە لقی کەرکوك دەریکردووە، بەڵام بەگوێرەی زۆر پێشبینی سانسۆری دەسەڵاتی بەعس نەیهێشتووە ناوی لقی کەرکوکی بەسەرەوە بێت، هەربۆیە لەسەری نووسراوە لە ئامادەکردنی(رضاشوان).

چۆن باسی ئەم گۆڤارەکراوە

لەم دێڕانەی دادێ، چەند سەرچاوەیەك دێنینەوە، کە چۆن لەم گۆڤارە دواون، بە تایبەت لەو شێوە بیبلیۆگرافیایانەی کە لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی کراون.

١- ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی:[4]

گزنگ: گۆڤارێکی ئەدەبی‌یە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کوردلقی کەرکوك دەردەچێ لە ژێر چاودێری ڕەزاشوان: ژمارە یەکی لەمانگی نیسانی ١٩٧٢ دەرچووە.

٢- تاريخ الصحافة الكردية في العراق:[5]

---

[2] گزنگ (گۆڤار) ژمارە (١)، کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمە ڕەنگەی نووسەرانی کەرکوکە، کەرکوك، ١٩٧٢، ل٣.

[3] لەبەشێکی سەربەخۆی ئەم لێکۆڵینەوەدا، ناوی بابەتەکان بەشێوەی بیبلیۆگرافیا دەنووسینەوە.

[4] خەزنەدار، جەمال، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ١٩٧٣، ل١٢٥.

مجلەگزنگ(البزوغ) مجموعة انتاج منوعة اصدرها اتحاد ادباء الاكراد- فرع كركوك باللغە الكردية بشكل المجلة، حيث صدر العدد الاول منها فى ٥-٣-١٩٧٢ وساهم فى تحريرها ادباء وكتاب مدينە الذهب الاسودوطبعت فى مطبعة(الشمال)

٣- ((تێگەیشتنی ڕاستی)):[٦]

((گزنگ)) کەرکوك، ژمارە یەکی نیسانی ١٩٧٢ ، یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك دەری دەکرد.

٤- کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی:[٧]

گۆڤاری گزنگ: گۆڤارێکی ئەدەبی‌یە، یەکێتی نووسەرانی کورد_ لقی کەرکوك بڵاوی دەکردەوە. تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچوە ئەویش لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٢ ئیتر راوەستا بە هۆی ئەو بارە نالەبارەی بەسەر شاری کەرکوکدا تێپەڕی بەتایبەتی بەربەرەکانی کوردی ناو کەرکوك لەلایەن کار بەدەستانی حکومەتەوە.

٥- هاواری کەرکوك _ژمارە(٣)[٨]

گۆڤاری گزنگ: لەلایەن کۆمەڵێك لە ئەدیب و نووسەرانی شاری کەرکوك دەردەچوو، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٧٢/٢/١٥ بڵاوکرایەوە.

---

[٥] الجباری، جبار محمود، تاریخ الصحافة الكردية فى العراق، بغداد، ١٩٧٥، ص٧٧.

[٦] ئەحمەد، کەمال مەزهەر (دکتۆر) تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامە نووسی کوردی‌دا، بەغدا، ١٩٧٨، ل٢٥٦.

[٧] جاف، وریا، کاروانی رۆژنامەگەری کوردی، هەولێر، ١٩٩٨، ل٨٦.

[٨] هاوارێ کەرکوك (گۆڤار) ژمارە (٢) هەولێر کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل٤٤.

وەكو لە پێشەوە وتم سەرچاوەی تریش هەن كە لەسەر ئەم ژمارەیەی گزنگ_ یان نووسیوە. ئێمە تەنیا وەكو نموونە تەنیا لەبەر ئەم چەند سەرچاوەیەدا هەڵوەستەمان كرد، ئەوەی كە پێویستە لەم پێنج سەرچاوەیەدا پرسیار بكرێت، ڕۆژی دەرچوونی گۆڤارەكەیە، كە لە هیچ شوێنێكی نەهاتووە، كەلە فلان ڕۆژدا دەرچووەو بلاوكراوەتەوە، لە چ شوێنێكیشی نەنووسراوە، كە لقی كەركوكی یەكێتی نووسەرانی كورد دەریكردبێت

٦- بیلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری كوردی[٩]

گزنگ: گۆڤاری یەكێتی نووسەرانی كورد لقی كەركوك بوو، یەكەم ژمارەی لە نیسانی ١٩٧٢ دەرچووە، پاش دەساڵ وەستان، ژمارە(٢)ی لە شاخ و ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، ژمار(١٧)ی لە كانونی یەكەمی ١٩٩١ بە(١٢٠) لاپەڕە دەرچووە.

-٢ قۆناغی دووەم

قۆناغی نهێنی گۆڤارەكە

كاروانی گۆڤاری گزنگ دوای دەساڵ وەستان یەكەم دەستی بەدەركردن كردەوە، بەڵام ئەمجارە چووە قۆناغی نهێنییەوەو لە نێو

---

[٩] تەنیا، ئیسماعیل، بیبلیۆگرافای ڕۆژنامەگەریی كوردی (١٩٧٥ - ١٩٩٣) هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٢.

سەنگەری پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا چاوی هەڵهێناوە، زۆر جار ئەویش وەك پێشمەرگە چۆتە جەولەو کەوتۆتە کەمینی دوژمنانەوە و گەلێك جاریش ڕژێم قەسفی کردووە، بەلام ئەمجارە هەڵگری پەیامی یەکێتی نووسەرانی کوردستان -لقی کەرکوك بووە، واتە بە ئاشکرا نووسراوە گۆڤاری ئەو یەکێتییەیە. نەك وەك ژمارەی یەکەمی تەنیا نووسرابێت. کۆمەڵێ نووسەری کورد لە کەرکوك دەریدەکەن.

پێشەکی پێویستە بپرسین بۆ یەکێتی نووسەرانی کوردستان نەك یەکێتی نووسەرانیکورد؟ بەپێی بڕیاری ٤٨٤ ی ڕۆژی ١٩٦٩/١٠/٩ وەك بڕیاری مافی ڕۆشنبیری بۆ گەلی کورد، ڕێگادرا یەکێتی نووسەرانی کورد پێك بێت، کە دەقی بڕیارەکە دەڵێت(نووسەرانی کورد مافی ڕەوای خۆیانە کە یەکێتیەك بۆ خۆیان ڕێك بخەن) ئیتر بۆ ئەم مەبەستە چەند نووسەرێکی کورد داوایەکیان پێشکەش کردو وەزارەتی ناوخۆش بە گوێرەی نووسراوی ژمارە٤٠٥ی ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٩ ڕەزامەندی لەسەر داوەکەدەربڕی بەمجۆرە یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزرا_ ئەو یەکێتییە بەهەر شێوەیەك بێت توانی مقاوەمەتی دەسەلاتی بەعس بکات و پەیامی خۆی بگەیەنێت تا ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٩ بە گوێرەی نوسراوی ژمارە ١٧٩٨ بەعس داوای دەکات کە(نقل کافە موجوداتکم والتزاماتکم الی الاتحاد المزکور) ئەو هەڵوەشانەوەیەی یەکێتی نووسەرانی کورد چەند ساڵێك بوو گیرۆدەی ببوو، بەلام مقاومەتی نووسەرانی کورد هەر بەردەوام بوو تالەژێر فشاردا بارەگاکانیان پێ داخستن تابیەنە بەشێك لە

یەکێتی‌ئەدیبان و نووسەرانی عێراق،لەسەر ئەم ئەساسە لەنێو سەنگەری پتەوی شۆڕش نوێی گەلەکەماندا نووسەرانی پێشمەرگە لە٥/١٢/١٩٨٠ لیژنەیەکی ئامادەکردنیان پێك هێناو جاڕی یەکێتی نووسەرانی کوردستان_[١٠]یان دا. ئەوەبوو بۆ زیاتر گەیاندنی دەنگیان بە پێشمەرگەو شارەکان بڕیاریان دا، گۆڤارێکی مەرکەزی دەربکەن بەناوی(نووسەری کوردستان) لقەکانیش گۆڤار بۆ خۆیان دەربکەن. ئەوەبوو لقی کەرکوك_ گۆڤاری(گزنگ)[١١] یان دەرکرد لەم کاروانەدا، گۆڤارەکە چۆتە قۆناغێکی ترەوە ئەویش قۆناغی نهێنی‌یە. کەتیایە(١٤) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوبۆتەوە. ئەمەو بێجگە لە سێ پاشکۆ، بەناوی(گزنگی بچووکان)و پاشکۆیەکیش بەناوی(شانۆ)، دەستەی نووسەرانی‌گۆڤارەکە وەکو وەفایەك بۆ ژمارەکەی ساڵی(١٩٧٢) لە شاخ لە ژمارە(دوو)ەوە دەستیان پێکردۆتەوەو خۆیان بەدرێژە پێدەری ئەو گۆڤارە زانیوەو ئەوتاقە ژمارەیەیان لەبیر نەکردووە، یەکەم ژمارەی ئەم قۆناغەی گزنگ کەدەکاتە دووەم ژمارە لە ساڵی ١٩٨٣ چاپ وبڵاوکراوەتەوە و تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بووەو ژمارەکانی بەگشتی گەیشتۆتە ژمارە(١٥).

---

[١٠] بۆزیاتر شارەزابوون لەسەر ئەم بابەتە بنۆڕە ئەم کتێبە
- ئەحمەد، نەوزاد عەلی، یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، شەقڵاوە، ١٩٩١(کاتی خۆی بەناوی -گردوان- بڵاوم کردۆتەوە).
[١١] لقی هەولێریش گۆڤاری "نووسەری نوێ" یان دەردەکرد بەداخەوە تەنیایەك ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە.

٢-٣ قۆناغی سێیەم

گزنگ_ی دوای راپەڕین

راپەڕینی گەلەکەمان لە بەهاری ١٩٩١ گەلێك گوتاری تازەی هێنایە ئاراوەو گەلێك کێشەو مەسەلەی خستە دیوێکی ترو دەسەڵاتی گواستەوە بۆ کورد، ئیتر لەسەر ئەم بنەمایە پانتاییەکی‌تر بۆ باری ڕۆژنامەگەری کوردی چێبوو، گۆڤاری"گزنگ"یش چووە قۆناغێکی ترەوەو دووژمارەی تری خستە سەر خەرمانەی ژمارەکانی تری کەهەڵگری ژمارە(١٦)و (١٧) بوون. لەپێشەکی ژمارە(١٦)دا بەناوی وتەی ژمارە لە پەرەگرافێکدا هاتووە:(ڕۆژگار تێپەڕین و گزنگ هات ژمارەیەك و دوو زیادیان کرد و ژمارەیان بوو بە((١٥)) هەر بەوەشەوە نەوەستاو سێ ژمارەی ((گزنگی بچووکان))و ژمارەیەکی تایبەت بە شانۆ دەرچوون و هەر ژمارەیەك لەم ژمارانە بۆ خۆی داستانی کاروانی خەباتی گزنگی هاوشانی خەباتی گەل دەگێڕنەوە... ل٥) لەسەر رووبەرگی ژمارە (١٦)دا نووسراوە (گزنگ: گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان لقی کەرکوك و لە ئەیلولی ١٩٩١ چاپ وبلاو بۆتەوە.) بەڵام لەسەر رووبەرگی ژمارە (١٧) دا نووسراوە (گزنگ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد_ لقی کەرکوك_ە) کە ئەم ژمارەیە لە کانونی یەکەمی ١٩٩١ چاپ وبلاو بۆتەوە، راستە دوای راپەڕین نووسەرانی کورد هەموویان لە ژێر ئالای یەکێتی نووسەرانی کوردستان کاریان دەکردو هەر ڕۆژانی راپەڕیندا، لەژێر چاودێری دەستەی بەڕێوە بەری ئەو یەکێتیەدا، هەرشارەو کۆبونەوەی خۆی کرد و دەستەیەکی بەڕێوەبەری کاتی بۆلقەکانیان هەڵبژارد، یاخود دەست نیشان کرد تاخۆیان بۆکۆنگرەی گشتی ئامادەبکەن، ئیتر بۆژمارە(١٦)لەسەری نووسراوە یەکێتی نووسەرانی کوردستان؟ ژمارە(١٧) یش لەسەری نووسراوە یەکێتی نووسەرانی کورد؟ کەلە نێوان ئەودوو ژمارەیەدا کۆنگرەی نووسەران بەناوی کۆنگرەی راپەڕین لەمانگی تشرینی

یەکەمی ١٩٩١ لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەستراو ناوی یەکێتی نووسەران کراوە بە یەکێتی نووسەرانی کورد.

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە "گزنگ" لە (١٩٧٢)تا ١٩٩١(١٧) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە لەدوای ژمارە(١٧)ەش هیچ دەنگ و سەدایەك نیە کە بەردەوام بوونی بسەلمێنێ.

بەشی سێیەم

بیبلیۆگرافیای گۆڤارەکە

چەند زانیاریەکی تر.

بێجگە لەو زانیاریانەی لەمەڕ گۆڤاری گزنگ خستمانە ڕوو، پێش چوونە نێو بیبلیۆگرافیای بابەتەکان و بیبلیۆگرافیای ناوەکان. چەند زانیاریەکی تریش دەخەینە ڕوو، تاببنە پاڵپشتێکی تر بۆ لێکۆڵینەوەکەو باشتر گۆڤارەکە ڕۆشنتر ببێت.

- هێشتا کاتی یاسایی و وەکو عادەتێکیش بە بەری وەماوە ناوە نهێنیەکانی نووسەرانی دوو توێی گۆڤارەکە ئاشکرا بکەین، ئەگەر نا ئاشکراکردنی ناوەکان ئاسانە.
- ئەو بەڕێزانەی زیاتر ئەو سەرەوەرییە مەزنەیان بۆ گۆڤارەکە تۆمارکرد بەڕێزان (حەمەکەریم عارف، محمد موکری، ئەحمەد عارف)ن کەبێ ئەندازە خەمخۆری تەمەنی گۆڤارەکەن، بەتایبەتی لەزەمەنی شاخدا، واتە لە ژمارە (٢ تا ١٥) هەروەها لە دووژمارەکەی دوای ڕاپەرینیشدا ڕۆڵیان بەرچاوە، بەلام ژمارە (یەك) لەژێر چاودێری بەڕێز ڕەزا شوان دابووە.

- تەنیا ژمارە یەك بەکاغەزی بۆری رۆژنامە چاپکراوە بەڵام ژمارەکانی تر هەموویان کاغەزەکەیان سپی‌یەو ئینجا یان ٨٠ غم یاخود ٧٠ غم.
- وەکو چاپ و چاپخانەو یارمەتیدان، یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان بۆ ئەندازە یارمەتی گۆڤارەکەی داوە، بەڵام نابێت رۆڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی سۆسیالیستی کوردستان- یش لەبیر بکرێ، کەلە رووی مەوادی چاپەوە بەگوێرەی توانا درێخیان نەکردووە.
- تەنیا بەرگی ژمارەیەك دوورەنگە، بەڵام ژمارەکانی تر تەنیا یەك رەنگ بەکارهاتووە.
- کارە هونەرییەکان زۆربەیان هونەرمەند رەمزی قوتبەدین کاری تیایا کردووە، بەتایبەتی هێڵکاری و مۆنتیڤەکانی ناوەوە، خەتەکانیش هەندێك جار خۆشنووسی جوانەمەرگ بەکر حسێن نووسیویەتی.
- بەرگ، زۆربەیان هونەرمەند رەمزی قوتبەدین یاخود هونەرمەندشوان کێشاویەتی.
- لە تایپکردنی بابەتەکاندا زیاتر تایپی ئاسایی و تایپی بی ئێم و برازەر بەکارهاتووە.
- لەبەر مامەڵەی دیکتاتۆرییانەو نادیموکراسیانەی دەسەڵاتی بەغدا، زۆربەی بابەتەکان بەئیمزای ناوی نهێنی بڵاوکراونەتەوە بەتایبەتی ئەوانەی لەشارەکان بابەتیان بۆ دەنارد.

کورتەیەك سەبارەت بە گۆڤارەکە

- ژمـــارە یـــەك، ١٩٧٢، ٨٠ لاپـــەڕە، ١٥ x ٢١ ســـم لەچاپخانەی شیمال - کەرکوك چاپکراوە.

- ژمارەدوو، ئاداری ١٩٨٣، (١٠٤) لاپـەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سم لەیـەکێك لـە چاپخانەکانی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان چاپکراوە.

- ژمـارە سـێ، ئـابی ١٩٨٣، (٩٢) لاپـــەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سم لەیـەکێك لـە چاپخانـەکانی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان چاپکراوە.

- ژمـارە چـوار، ئایـاری ١٩٨٤، (١٠٤) لاپـەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سم لەیەکێك لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراوە.

- ژمارە پێنج، حوزەیرانی ١٩٨٤، (١٠٦) لاپەڕە، ١٦,٥ x ٢١ ســم لەیـــەکێك لەچاپخانـــەکانی یـــەکێتیی نیشـــتمانیی کوردستان چاپکراوە.

- ژمارە شەش، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، (١٠٤) لاپەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سـم، لەچاپخانــەی شــەهید ئیــبراهیم عــەزۆ - ی.ن.ك چاپکراوە.

- ژمـاره حـەوت، کـانوونی دووەمـــی ١٩٨٥، (١٠٤) لاپـەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سـم، لەچاپخانـەی شـەهید ئیـبراهیم عـەزۆ- ی.ن.ك چاپکراوە.
- ژمارە هەشت، دەستمان نەکەوت.
- ژمارە نـۆ، ئـاداری ١٩٨٥ (٩٢) لاپـەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سم، لەچاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ- ی.ن.ك چاپکراوە.
- ژمارە دە، مایسـی ١٩٨٥ (١٠٠) لاپـەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سم، لەچاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ- ی.ن.ك چاپکراوە.
- ژمـارە یـانزدە، حوزەیرانـی ١٩٨٥، (١٠٠) لاپـــەرە، ١٦,٥ x ٢١ سم، لەچاپخانەی شەهید عبدالخالق معروف- ی.ن.ك چاپکراوە.
- ژمارە سیانزدە، دەستمان نەکەوت.
- ژمـــارە چـــواردە، کانوونیيەکـــەمی ١٩٨٥، (١٠٨) لاپەڕە، ١٦,٥ x ٢١ سم، لە چاپخانەی شەهید عبدالخالق معروف- ی.ن.ك چاپکراوە.
- ژمـــارە پـــانزدە، نیســـانی ١٩٨٩، (١٠٠) لاپـــەرە، لەچاپخانەی شەهید عبدالخالق معروف- ی.ن.ك چاپکراوە.
- ژمـارە شـانزدە، ئـەیلولی ١٩٩١، (١١٢) لاپـەڕە، ١٧ x ٢١سم، ناوی چاپخانەی بەسەرەوەنیە.
- ژمارە حەڤدە، کانوونی یەکەمی ١٩٩١، (١٢٠) لاپـەڕە ١٧ x ٢٠ سم، ناوی چاپخانەی بەسەرەوەنیە.

کورتکراوەی چەند وشەو زاراوەیەك

س: ساڵ

ژ: ژمارە

ئا: ئامادەکردن

و: وەرگێڕان

ل: لاپەڕە

سم: سەنتیمەتر

بیبلیۆگرافیای بابەتەکان

شیعری کوردی

-ا-

١- ئاوابوون، کەریم دەشتی، ژ-١٧، ١٩٩١، ل٨٣ - ٨٤.

-ب-

٢- باخی ئەستێرە سوورەکانیان بەخوێنی گەشیان ئاودا، شەهاب عثمان، ژ-٢، ١٩٨٣ ل ٤٨--٥٠.

٣- بەرزبوونەوە، بەکر پشدەری، ژ- ١٦، ١٩٩١ ل ١٠٦-١٠٧.

٤- بروسکە، پۆلا، ژ-١٠، ١٩٨٥، ل٥٣-٥٤.

٥- بۆ هەڵۆکەی سەکەوتوو، سابیر، ژ-١٥، ١٩٨٩ل ٦٧ - ٧١.

٦- بیروڕا، شێرکۆ بێکەس، ژ- ١٧، ١٩٩١ ل ٨٢.

-پ-

٧- پاشەڕۆژ، دلاوەر مەحمود، ژ-١٢، ١٩٨٥ ل٦١.

٨- پرس، نجیبە ئەحمەد، ژ-٦، ١٩٨٤، ل٩١.

٩- پۆپیلانە، سەلام، ژ-١٢، ١٩٨٥ ل٦٢-٦٣.

١٠- پێنج ئەستێرە، سەعدوڵلا پەرۆش، ژ-٣، ١٩٨٣ ل٦٥-٦٨.

١١- پێنج خشتەکی‌یەکی بڵاونەکراوەی غالیب لەسەر غەزەلێکی صافی، ئەبوبەکر شاخی، ژ-١٤، ١٩٨٥ ل١٠٦-١٠٨.

-ت-

١٢- تەقینەوە، کەساس جەباری، ژ-١٧، ١٩٩١ ل٨٩.

١٣- تۆمارە یادی پێشمەرگەیەك، جەوهەر کرمانج، ژ-٢، ١٩٨٣، ل٦١-٦٧.

-چ-

١٤- چەپکێ نێرگز، عبدالله کەریم مەحمود، ژ-٩، ١٩٨٥ ل٦٨.

١٥- چوار دیواری بێ سێبەر، عبدالسلام محمد، ژ-١، ١٩٧٢ ل١٩-٢٢.

-خ-

١٦- خەوزڕانی شاعیر، بێچار، ژ-١٠، ١٩٨٥ ل٥٥-٥٦.

١٧- خەونە تاڵەکان، شێرکۆ بێکەس، ژ-١٧، ١٩٩١ ل٨٢.

١٨- خۆری زیندان، دلاوەر مەحمود، ژ-٤، ١٩٨٤ ل٩٤.

١٩- خوێنەباجی سەرکەوتن، ئەحمەد عارف، ژ-٢، ١٩٨٢، ل٩٨-٩٩.

-ح-

٢٠- حەبەرەش، پەیمان، ژ-١٥، ١٩٨٩ ل٨٠-٨٤.

-د-

٢١- داستانا گوندی ژاران، فەوزیە دۆسکی، ژ-٧، ١٩٨٥ ل٦١-٧٣.

٢٢- داستانی ساتی، ئەبوبەکر شاخی، ژ-١٥، ١٩٨٩، ل٧٥-

.٧٩

٢٣- داستانی وولاتی ژان، سەلام، ژ-١٥، ١٩٨٩، ل٦٢-٦٦.

٢٤- دلۆپی خوێن، هاوری س، ژ-٣، ١٩٨٣، ل٦٩-٧١.

٢٥- دڵ نیایی، خەلیل خوێناوی، ژ-١، ١٩٧٢، ل٧٥.

٢٦- دوو پارچە شیعر، نەجیبە ئەحمەد، ژ-٧، ١٩٨٥، ل٧٩-٨٠.

٢٧- دووکۆپلە شیعر، عزالدین گەلۆزی، ژ-١٦، ١٩٩١، ل١٠٤.

٢٨- دووریت گڕەودەمسوتێنێ، ئەحمەد عارف، ژ-١١، ١٩٨٥ ل٥١-٥٣.

٢٩- دووریان، جوامێر، ژ-٤، ١٩٨٤، ل٨٦-٨٨.

٣٠- دوو هۆنراوە، مەوجود سامان، ژ-١٤، ١٩٨٥، ل١٠٤-١٠٥.

٣١- دۆڕان، جەوهەر کرمانج، ژ-١٤، ١٩٨٥، ل٩٠-٩٦.

٣٢- دیوی دووەم لەکاسێتی هەنگاو... مێژوو، عثمان شەیدا، ژ-٧، ١٩٨٥ ل٥٩-٦١.

-ز-

٣٣- زەنگی کاروان، حسین امین شارەزووری، ژ-١، ١٩٧٢ ل٧٨-٧٩.

٣٤- زەوقێکی کامڵ نەبوو، سابیر سدیق، ژ-١٧، ١٩٩١، ل٨٧-٨٨.

-س-

٣٥- سترانەکا زەلال، ... ژزیندانەکا شێلی، مؤید طیب، ژ-٤، ١٩٨٤ ل٨٩-٩٢.

٣٦- سرووودی دایك، عبداللە کریم محمود، ژ-١٠، ١٩٨٥، ل٧٩-

٨٠.

٣٧- سروودی پێشمەرگە، پەرۆش، ژ-٩، ١٩٨٥ ل٥٩-٦١.

٣٨- سروودی رێبواری خەبات، ئەبوبەکر شاخی، ژ-١٠، ١٩٨٥، ل٥٧-٥٩.

٣٩- سروەبای رازێکی نامۆ، ژاڵەخان، ژ-١٥، ١٩٨٩، ل٧٢.

٤٠- سمتنا تاریا ئەڤینێ، ئەحمەد قەرەنی، ژ-٩، ١٩٨٥ ل٦٢-٦٧.

٤١- سێ دیمەنی گەروی ئازار، فەرمان نەبەرد، ژ-١، ١٩٧٢، ل٤٩-٥٠.

٤٢- سێ هۆنراوە، ابوبکر خۆشناو، ژ-٥، ١٩٨٤، ل١٠٣-١٠٤.

-ش-

٤٣- شەکراوی تاڵ، ك، ژ-١٥، ١٩٨٩، ل٧٣-٧٤.

٤٤- شیرین- فخرالدین محی الدین، ژ-٦، ١٩٨٤، ل٩٣-٩٤.

-ق-

٤٥- قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مرور، غریب، ژ-٥، ١٩٨٤ ل٩٣-٩٧.

-غ-

٤٦- غەرەسەر، عبدالکریم دەشتی، ژ-٧، ١٩٨٥ ل٧٤-٧٨.

-ك-

٤٧- کاروانی خەبات، شێرکۆ کتکەیی، ژ-١٠، ١٩٨٥، ل٧٨.

٤٨- کەرکوك، محسن ئاوارە، ژ-١٧، ١٩٩١، ل٨٥.

٤٩- کەکۆ... دایکامە، سەعید، ژ-٦، ١٩٨٤، ل٩٥-٩٦.

٥٠- کـەمرۆڤێ شـەهید دەبـێ، ئەحمـەد عـارف، ژ-١٤، ١٩٨٥، ل١٠٠-١٠٣.

٥١- کچە خرپنەکە، هیشام کەسنەزانی، ژ-١، ١٩٧٢، ل٥٧-٥٨.

٥٢- کسپە، سابیر سدیق، ژ-١٦، ١٩٩١، ل١٠١-١٠٢.

٥٣- کراسەکی سور، سیامەند، ژ-٩، ١٩٨٥، ل٥١-٥٥.

٥٤- کوڕی چیا، دلۆڤان، ژ-١٢، ١٩٨٥ ل٦٤.

٥٥- کۆچ، پەیمان، ژ-٥، ١٩٨٤ ل١٠٠-١٠٢.

٥٦- ك، ئەنوەر شاکەلی، ژ-٢، ١٩٨٣، ل٣٨-٣٩.

-گ-

٥٧- گەلەگورگ، دلاوەر مەحمود، ژ-٥، ١٩٨٤، ل٩٨-٩٩.

٥٨- گۆرانییەکی داواکراو، جوامێر، ژ-٥، ١٩٨٤، ل٨٩-٩٢.

٥٩- گوڵەگونم، شێرۆ، ژ-٧، ١٩٨٥، ل٨١.

٦٠- گوڵی ئاشتی، هێدی، ژ-٤، ١٩٨٤، ل٩٥-٩٧.

٦١- لەسێبەری گابەردێکدا، سایێ، ژ-١١، ١٩٨٥ ل٤٩-٥٠.

-م-

٦٢- ماڵئاوایی، پیرۆت، ژ-٢، ١٩٨٣، ل٧٧-٧٨.

٦٣- مالۆچکە، ئەبوبەکر شاخی، ژ-١٦، ١٩٩١ ل١٠٥.

٦٤- مەدالیا، دلاوەر مەحمود، ژ-٦، ١٩٨٤، ل٩٢.

٦٥- مەرگی غرور، فەرهاد پیربال، ژ-٦، ١٩٨٤، ل٩٧-١٠١.

٦٦- مـەرگی نـاوەخت، دڵشـاد احمـد قـادر، ژ-١١، ١٩٨٥ ل٥٤-٥٧.

٦٧- مەرۆ، ئەحمەد عارف، ژ-٩، ١٩٨٥، ل٥٦-٥٨.

٦٨- مشك و پشيله، بۆ منداڵان، مەلا حمد بيرەسيپانی، ژ-١٠، ١٩٨٥، ل٧١.

-ن-

٦٩- نەم بينيـووه و دەيناسـم، هيـوارەش، ژ-١٠، ١٩٨٥ ل٧٦-٧٧.

٧٠- نـەورۆز، تابلۆيـەكی ناديـار، سـەپان، ژ-٣، ١٩٨٣، ل٧٢-٧٣.

٧١- نمونەيەك له هۆنراوەی كلاسيكی، شێخ رەوف خانەقا، ژ-١، ١٩٧٢ ل٢٥-٢٦.

٧٢- نۆتـا نەنووسـراوەكان، دڵشـاد بـەرزنجی، ژ-١٦، ١٩٩١ ل١٠٨-١٠٩.

-هـ-

٧٣- هـەژار ينـو.. رێكـێ ب بينـن، خـەليل دهۆكـی، ژ-١٢، ١٩٨٥ل٥٧.

٧٤- هـەنگاوی ئـاگرين، ئيسـماعيل رۆژ بـەيانی، ژ-١، ١٩٧٢ ل٧٥.

٧٥- هەڵۆ، ئەبوبەكر عەلی، ژ-١٦، ١٩٩١، ل١٠٣.

٧٦- هەڵۆ، ژاڵەخان، ژ-١٢، ١٩٨٥، ل٥٨-٦٠.

٧٧- هەناسەت بۆنی كوێسـتانی لێ دێ، ژاڵـەخان، ژ-١١، ١٩٨٥ ل٥٨-٦٠.

٧٨- هێلانه، پيرۆت، ژ-٣، ١٩٨٣، ل٦٢-٦٤.

٧٩- هێلانه، سعدالله پەرۆش، ژ-١٠، ١٩٨٥، ل٥٢.

-و-

٨٠- وەڵامێکی کورت، کاروان، ژ-٤، ١٩٨٤، ل٩٣.

٨١- وێنەی نیان، دڵشاد عمر کاکی، ژ-١٦، ١٩٩١، ل٨٧-٨٨.

شیعری وەرگێردراو

